www.kurdistannet.org
3-2-2007 13:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاوڕێکەم لەدوای مەرگی سەگەکەیەوە کوردی خۆشدەویست!! ... خاڵەحەمە



زۆر نەبوو لەدانمارک نیشتەجێ بوبووم.. ژورێکی بچکۆلانەم هەبوو لە ڤێلایەکی گەورەدا خاوەن ماڵەکەم دانمارکیەکی ڕەسەن بوو بالأیەکی مامناوەندی. کەللەیەکی کوردیانە و جوتێ چاوی شین و کەپویەکی شێرانەو دەست و مەچەکێکی ماندوو.. تەمەنی وەک تەمەنی خۆم گەلأکانی زەردهەڵگەڕابوو، بەڵام تابڵێیت مرۆڤێکی ووشک و بێدەنگ و تامەزرۆی بێدەنگیش بوو.. دوکەڵی جگەرە سمێڵ و نێوان پەنجەکانی زەرد کردبوو. لەپۆست کاری دەکرد و شانازی بەکارەکەی خۆیەوەدەکرد.. ماڵەکەی پڕڕ بوو لەکتێب. پڕ بوو لەتابلۆی جوان جوان پڕڕتر لەوشتەبەنرخانەی ماڵ دەرازێنێتەوە.. منیش لە ژورێکی ڕەق و تەقی ئەم ماڵەدا کە بەبالأیدا دیاربوو سەدەیەکی کۆن کردبێت و چەندان کەسی وەک منیشی ڕەوانەکردبێت.. لەم ژوورەدا جێ خەویکی تاکە کەسی و جانتایەکی کۆڵەپشت و مێزێکی بچکۆلەو کاتژمێریکی زەنگدارو جوتێ پێڵاوو یەخچاڵێکی خنجیلەی جوانم هەبوو.. چەند کتێبێکی سەرەتایی زمانی دانمارکیشم هەبوو لەگەڵ فەرهەنگێکی زمانی دانمارکی/ فارسی کە لەقوتابخانەی زمان وەرمگرتبوو!!... خاوەن ماڵەکەم دوو سەگی (نێرومێ) ی هەبوو (مێ) یەکە ناوی (یاسمین) و (نێرە) کەناوی (تیکە) بوو، هەردوکیان تیسکن و خەمڕەوێن بوون، ووردیلەو جوانکەلەش بوون، شتێ لەگوربە گەورەتر بوون، ئەم دوو گیانلەبەرە بە وەفایانە چەندە سەگی خاوەن ماڵ بوون دوو ئەمەندە سەگی منیش بوون، وەک هەموو جارێک ئەیووت (ڕەشید) تۆ منالەکانت لەمن هەڵگەڕاندۆتەوەو خەریکن فێری کوردی دەبن!! ڕۆژانە تا هاوەڵەکەم دەهاتەوە من سەگەکانم دەبردەدەرەوە بۆ میزکردن و خۆخاڵی کردنەوە.. تاناو ماڵەکە پیس نەکەن.. ئەویش زۆر سوپاسی ئەکردم.. ڕۆژگار هات و ڕۆژگارچوو سەگە نێرەکە نەخۆشکەوت، بەهۆی ئەوەی من زیاتر لەگەڵ سەگەکاندا بووم باش ئەمزانی کە نەخۆشییەکەی کوشندەیەو چاک نابێتەوە.. ڕۆژێک کە هاوڕێیەکەم لەکار هاتەوە ووتم ئەتوانین لەبارەی سەگەکانەوە چەند تێبینی و سەرنجت بدەمێ، لەوەرامدا ووتی زۆر ماندووم بەڵام تۆ منداڵەکانمت خۆشدەوێن بفەرموو!!، ووتم لێم زیزنابیت، ووتی نا، ووتم کورەگەورەکەت نەخۆشەو نەخۆشیەکەشی کوشندەیە!! ترسی ئەوەشی هەیە من و تۆش توشی نەخۆشیەکەی خۆی بکا، ووتی چیبکەم باشە، ووتم بیبە بۆ بیمارستان بیکوژە، بەشێوەیەک لێم ڕاست بۆوەو، قیژاندی بەسەرما، ووتی ئێوە هەر پیاو کوژن، لەئاسمانیشدا بژین چارەسەرتان نیە!!، ئاخر مرۆف چۆن دەتوانێت کۆرپەی خۆی بکوژێت، هاوارو داد، 14 ساڵە لەتەکما ئەژی و ئازاری نەداوم، ووتم مە شیرێنەو برۆ بیری لیبکەرەوە دەنا من دەگویزمەوە بۆ جێگایەکیتر، لە هۆڵەکە بەجێمهێشت و هەر بۆڵەی ئەهات منیش چوومە ژورەکەی خۆم و دەرکاکەم توند داخست، تابزانێت کەپێی زیاتر لەبەرەکەی خۆی ڕاکێشاوە، شەودرەنگ گوێم لێ بوو سەگەکەی ئەدووان و ئەیووت نامەوێت بمریت، خۆ بمریت ماڵەکە دەفرۆشم و لەتەک (یاسمین) دا ئەچینە شارێکیتر دادەنیشین، منی ئاوارەو بێکەسیش خەیاڵم بۆ نیشتمانە بێکەسەکەی خۆم فڕی بوو کە مرۆڤەکانی هێندەی ئاژەڵێکی ئەم وولأتانە مافیان نیەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆشەویست نین!!، مرۆڤەکانی بە دیلی لەدایک ئەبن و بەدیلیش ئەمرن، کەسیش نییە ئاخێکیان بۆ هەڵبکێشێ، من بۆ مندالآنی نەتەوەکەی خۆم دەگریام کە لەئەنفالدا دوژمنە خوێنخۆرەکانی کورد لەدەنگی ناسکیان ڕانەئەچڵەکین و تۆزقاڵێک بەزەییان بەوتەمەنە کرچ و کاڵەیاندا نەدەهاتەوەو لەبری سۆزو خۆشەویستی گوللەبارانیان دەکردن، بەهەرحاڵ چەند ڕۆژێک بێدەنگ بوو، ڕۆژێک نەچووبوو بۆسەرکارەکەی چاوەروانم بوو...... ووتی (رەشید) بە هیوام لێم زیزنەبوبیت، ووتم هەرگیز نا.. ووتی باشە سبەینێ زوو لەتەکماوەرە بەیەکەوە (تیکە) ئەبەین بۆ بیمارستان.. کاتێک چوویینە بیمارستان پاش ئەوەی پەروەندەکەیان هەڵدایەوەو بەجوانی دوکتۆر نەخۆشییەکەی دیاری کردوو بە هاوڕێکەمیان ووت دەبێت یەک کاتژمێریتر لەتەکتا بێت و ماڵئاوایی لێبکەی، سەگەکە چاوانی لە هاوریەکەم نەدەتروکان وەک ئەوەی پێی بڵێ بەجیم مەهێڵە!!، من هەستم دەکرد هاوڕێکەم لەناخەوە ئەسوتێت، پاش ئەو کاتژمێرە (تیکە) مان بەجێهێشت و بەڕێکەوتین بۆماڵەوە.. هەر لە بیمارستان دەرچووین دەستیکرد بەگریانێک بەهیچ ژیرنەدەبۆوە وەک باران فرمێسک بەچاوانیا ئەهاتەخوارەوە.. ئەو بۆ سەگەکەی ئەگریاو منیش دڵم پڕڕ بوبوو لەگریان، بۆ نەتەوەیەکی بێکەسی پەنجاملوێنی بێ ماف و بێ ئازادی.. لە هەمووی سەیرتر هاوڕێکەم وایدەزانی من بۆ سەگەکەی ئەگریم!!پاش ماوەیەکی کەم خانوەکەی فرۆشت و گواستمانەوە شارێکیتر!! تا منیش خانووم وەرگرت وەک دووبرا بەیەکەوە ئەژییاین و بیرەوەری سەگەکەشی باسی شەوانمان بوو کەبەیەکەوە دائەنیشتین!!!. هەروەها هاوڕێیەکەم لەدوای مەرگی سەگەکەیەوە هەمووکوردی خۆشدەویست!!.

خاڵەحەمە/2007/2/1 دانمارک/ڤالبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.